# مێژووی چەمچەماڵ و سەرەتای دروست بوونی

**ئا: ئاکۆ موحەمەد شوانی**

شارۆچکەی چەمچەماڵ دووناحیەو (١٢٠) گوندی لەسەرەو، رێژەی دانیشتوانی بەهەردووناحیەکەوە (١٢٠) هەزار زیاترە ئەم شارۆچکەیە نزیکەی (١٢) کم لەشارستانی چەرمووەوە دورە، لە باکورەوە زنجیرە چیایی بازیان و لە رۆژهەڵاتیش رووباری باسەرە و زێی خواروویش رۆژئاوای ئەم شارەیە و گردەکانی بانی مەقان باشووری ئەم شارە دیاری دەکەن. شاری چەمچەماڵ یەکێکە لە شارە دێرینەکانی کوردستان و بە پێی یەکێ لە سەرچاوەکان ئەسکەندەری مەکدۆنی لە گوزەری خۆیدا بە دەڤەری چەمچەماڵدا شەرێکی بەهەمان ناونیشان کردووە، واتە شەری چەمچەماڵ ، لە راستیدا ئەمە پێویستی بە روونکردنەوەی زیاترە، لەگەڵ ئەوەشدا بەو پێیەی لە سنووری ئەم شارەدا دەیان شوینەواری زۆر کۆنی وەك بەردە بەلکە، چەرمۆ، بانی مەقان، پیریادی بانەبۆر، دەربەندی بازیان و. . هتد) هەیە رێی تێدەچێت

> **لە ساڵی (١٩٢٢)ەوە تاساڵی ١٩٨٠ لەوێ (٤٥) قایمقام (٢٢) کورد و(١٧) عەرەب و(٦) تورکمان بووە. لە کاتێکدا بەدریژایی می ژوو شارەکە عەرەب و**

مێژووی دروست بوونی ئەم شارەو قەڵاکەی زۆر کۆن بێت، کە هێشتا ئێمە زانیاریمان لەبارەیەوە نیە، یەکێك لە سەرچاوەکانی تر مێژووی ئەم شارە دەگێرێتەوە بۆ مێژووی هاتنی هەمەوەند، گوایە لە سنووری چەمچەماڵی ئێرانەوە هاتوون و لێرە نیشتە جێبوون و چەمچەماڵیان درووست کردووە، بەڵام چ کاتی هاتنی هۆزی هەمەوەندو چ پێشتر ئەم قەڵایە بوونی هەبوە و بوونی قەڵا لە ناوەرۆکدا مانای ئاوەدانی دەگەیەنێ، بۆیە رێی تێدەچیت و زۆر زانستیانە ترە کە بڵێین شاری چەمچەماڵ زۆر لەوە کۆنترە کە ئێمە بۆی دەچین.

**ناوی چەمچەماڵ لەچیەوە هاتووە.**

لەو بارەیەوە سەرچاوەکان هەریەك بە شێوەیەك باسی دەکەن و چەند بیروبۆچوونێکی جیاواز هەیە (سید هاشم) لە نامیلکەکەیدا بە ناوی ﴿چەمچەماڵ لە یادەوەریدا﴾ لە لاپەرە چواردەدا دەنوسیت (زۆربەی بۆچونەکان لە خالێکدا یەك دەگرنەوە ئەوەش وەك باسی دەکرێت لە کاتی خۆیدا ئەم ناوچەیە چەم و رەزو باخێکی زۆری تێدا بووەو هەر ماڵێك لەسەر رەزو باخی خۆی بوەو پاشان بەهۆی لا فاوێکی گەورە کە ئەم ناوچەیە دەگرێتەوە زۆربەی رەزو باخەکان لا فاو رای دەماڵێو خاپوری دەکات) مەبەستی سید هاشم لێرەدا ئەوەیە بلێ لە چەم و چەم و ماڵەوە هاتووە، شێوەی پێکهاتەی شارەکەش بەوپێیەی لەدامێنی بانی مەقاندایە زۆر رێی تێدەچێت لەووەوە هاتبێت، لەبەر ئەوەی تا ئەم ساڵانەی دواییەش هەر لافاوێك لە بانی مەقانەوە دەهات بەشی خۆی زەرە رو زیانی لە شارەکە دەدا، ئەمە جگە لەوەی ئەم دیووەو دیوی قەڵای سپی حەسار، کاتی خۆی لافاو رایماڵیوەو وەکودەڵێن چەم و داریش بووە، ماڵەکان لەو ناوەندەدا بوونە. بۆچونێکی تر ئەوەیە گوایە ناوی شارەکە لە چەمچەماڵی ئیرانەوە هاتبێت ئەو شارەی کە هەم هەمەوەند هەم شوان کاتی خۆی لەوێوە هاتوون و کۆچیان کردووە بۆ ئیرە، بە پێی سەرچاوە کان تا ئێستا شاری چەمچەماڵ لە ئێراندا ماوەو هەمەوەندو شوانیش لەوێ نیشتە جێن، هەروەها دەڵێن لەچەمی جەمالەوە هاتووە، هەرچۆنێکە ئەم شارۆچکەیە یەکێکە لە شارە دێرینەکانی ناوچەکەو نزیکەی تا ١٠ تا ١٢ کم لەگوندی چەرمۆوە دورە ئەو گوندەی کە یەکەم جار لەجیهاندا کشتوکاڵی تێداکراوە.

**چۆنێتی بون بەشار.**

لەساڵی( ١٨٥١) دا کاتێك ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ناوچەی سلێمانیان داگیر کرد، شاری چەمچەماڵ ئەو دەمە تەنها (٧٤ ) ماڵ بوو لەگەڵ (٦) دوکان، ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هات( میرزا فەقی قادری هەمەوەند)ی کرد بەقایم قامی چەمچەماڵ واتە یەکەم قایم قامی شارەکە بەپێیێ سەرچاوەکانی بەردەست (فەقی قادری هەمەوەند بووە کە شاعیرێکی دیاری کوردبووە) فقی قادر لەزۆربەی شیعرەکانیدا گلەیی لە دەسەڵاتی عوسمانی دەکات، دوای ئەمە چەمچەماڵ کراوەتەوە گوند تا لە ساڵی( ١٩٢٢ ) دا ئینگلیزە کان جارێکی تر کردویانەتەوە بە قەزاو حەمە ئەمینی ئاغا کراوە بە قائمقامی شارەکە، غەفوری میرزا کەریم دەڵی( ئەم شارە تا ساڵی ١٩٢٦ لەسەر سلێمانی بوو ) بەڵام لەو ساڵەدائینگلیز خستیە سەر کەرکوك، لە ساڵی ( ١٩٢٢ ) وە تاساڵی ١٩٨٠ لەوێ (٤٥) قایم قام( ٢٢ ) کورد و( ١٧ ) عەرەب و( ٦ ) تورکمان بووە. لە کاتێکدا بەدریژایی میژوو شارەکە عەرەب و تورکمانی بۆ دەرمانیش تێدا نەبووە! لەو رۆژەوە تائە مرۆ ئەو شارە یەکێکە لەقەزا دێرینەکانی ناوچەکە، ئەگەرچی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق وەك پێویست ئاوڕیان لەم شارە نەداوەتەوەو بەردەوام هەوڵی ئەوەیان داوە سیماکانی شاری پێوە دیار نەبێت.

**هۆزەکانی شار.**

لەم شارەدا (١٥)هۆز کەم و زۆر کە هەموویان کوردن بونیان هەیە و بەدرێژایی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان رۆڵەکانی خۆیان پێشکەش بەئازادی کردووە، لەو هۆزانە (شوان، هەمەوەند، شێخ بوزێنی، کاکەیی، جەباری، شێخان، زەنگەنە، کافرۆشی، سادات، جاف، تاڵەبانی، شێخ سمایلی دەلۆ، گێژ و لەك) تاد، دەژین هۆزەکانی شوان و هەمەوەند زۆرترین خەڵکی قەزاکەو دەوروبەری پێك دێنن، ئەم هۆزانە هەمیشە هاودەم و هاوخەم پێکەوە بوونە ئەگەرچی دووژمن هەوڵی ئەوەی داوە بیانکات بەگژیەکدا، هەروەها شاری چەمچەماڵ جگە لەناوەندی قەزا (مەرکەز) لە دوو ناحیە پێدێت کەبریتین لە (ناحیەکانی سەنگاو و ئاخجەلەر) کۆی گشتی دانیشتوانی لە سەر ژمێری ساڵی (١٩٤٧)بەهەردوو ناحیەکەوە بەم جۆرە بووە، نێر(١٣٠٤٦)مێ (١٦٧٥٨) کە کۆیان دەکاتە (٢٩٨٠٤)کەس، هەروەها لەسەر ژمێری ساڵی (١٩٥٧)دا بەهەردوو ناحیەکەوە بەم جۆرە بووە، نێر (١٧٤١٢) مێ (١٦٨٨٧) واتە (٣٤٢٢٩) کەس بەگشتی ناو شارەکەش بەم جۆرە بووە ساڵی (١٩٣٤) (١٢٨٤) کەس ساڵی ١٩٤٧(٢٠١٥) کەس، ساڵی ١٩٥٧ (٣٠٣١) کەس، ١٩٧٧ (١٣٥٤٦) کەس ئێستا تەنیا ناو شار زیاتر لە (١٠٠) هەزار کەس سەرنشینێتی ئەمە جگە لەوەی لە ئۆردوگای شۆرشیش نزیکەی (٥٠) هەزار کەس دەژێت و چەند ناحیەیەکی دیکەی لەسەرە وەك شۆرش و تەکیە.

**کاریگەری ئەنفال و کیمابارانان لەسەر شارەکە**

لەبەرئەوەی ناوچەی چەمچەماڵ و دەوروبەری لە لایەکەوە نزیکترین شوێنە لە پارێزگای کەرکوکەوە، لەلایەکی دیکەشەوە هەمیشە ئەم شارەو ناوچە ئازادکراوەکانی مەڵبەندی شۆڕش و پێشمەرگایەتی بووەو بۆ یەکەمین جاریش شەرِی ناو دێ لەسنووری ئەم شارە کراوەو سەرجەم حەڵکەکەی هەمیشە خەمخۆر و هاوکاری هێزی پێشمەرگە بوونە، ئەگەرچی بەردەوام رژێم دەیویست وێنەی ئەم شارە بشێوێنێ بەڵام پاش ئەوەی کە لە بەردەم ورەو ئازایەتی خەڵی ناوچەکەو سەرجەم جەماوەری کوردستاندا دەستە پاچە بوو پەنای بردەبەر ئەنفال و کیمابااران و جینۆسایدی دانیشتوانی کوردستان، دەبێ بڵێین لەکارەساتی ئەنفالدا ئەم شارە گورزێکی کوشندەی لەسەر دەستی رژێم بەر کەوتووە کەتەنیا کۆی دانیشتوانی ئەوەی کەتۆمار کراوە لە(٦٥) گوند (٥٦٤٥) کەسی بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتوەو بێسەرو شوێنە ئەمە جگە لەوەی لەسەنگاودا ٤٩٢٢کەس و لەئاغجەلەر (٧٢٠١) کەس و لەقادرکەرەم کە ئێستا ئەویش بەشێکە لە شاری چەمچەماڵ(١٤٩٦٣) کەس بەرشاڵاوکە کەوتن و ئەنفال کران، ئەمە جکە لە گوندی گۆپتەپەو گوندەکانی دەورو بەری کە لانی کەم (٤٠٧) کەسیان بەگازی کیمیاوی بوونە قوربانی و شەهیدکران، هەروەها پاش هاتەکانی ئەو کارەساتەو قورساییەکانی لەسەر ئەم سنوورە بەرادەیەکە کەتائێستاش شوینەواری ماوە و لەم سنوورەدا سەدان کچ و ژن تائەمرۆ لەچاوەروانیدا دەژین، ئەو کچ و ژنانەی کەدوای کارەساتەکە ئەرکی هەڵسورانی ماڵیش کەوتە سەریان..بۆژمارەی داهاتوو.



شارۆچکەی چەمچەماڵ و قەڵا دێرینەکەی

کامێرای چەمچەماڵ

# راگەیاندنەکان لە شاری چەمچەماڵ و چەند سەرنجێک !

**گۆران کەریم**

لەو کاتەوەی راگەیاندن بە سەرجەم بە شەکانیەوە توانی لە مەیداندا دەربکەوێت، وردە وردە کەوتنە ئەوەی دەوری تەواوییەتی خۆی بگێرێت و، ببێتە چاودێرێکی بەهێزی توند بە سەرسەرجەم دام و دەزگا حکومیەکانەوە، بە شێوەیەك کە سۆز و مهیرەبانیان بۆ هیچ کەس و لایەنیك نەنوێنن، مێژوی راگەیاندن میژویەکی قوڵە بەڵام ئاستی وەکو ئیستا لە پێشدا نەبوە، دەبینین لە جەنگەکاندا پڕ وپاگەندە کراوە کە وتراوە فلانە سەرکردەی سوپا تیا چو، یا فلانە شوێن گیرا ، بەڵام سەردەمی نوێ کە بە سەردەمی پیشکەوتنی تەکنەلۆجیادەناسرێت، لە زۆر لە وولاتانی جیهان ئاستێکی بەرزی بە خۆوە بینیوە تاکار گەیشتە ئەوەی کە بەشداری فعلیان هەبوەلە روخاندنی رژێمە تۆ تالیتا رییەکان، بەهۆی ئەو دەورە گرنگەی کە گێرای، لەوەی کە بێدەنگ نەبوبێت لە ئاست مۆتۆپۆل کردنی هەر دەزگایەك کە لە لایەن هەر کەسێکەوە بێت، هەر بۆیەلە ئاستی جیهان بە دەسەلاتی چوارەم ناوزە دەکریت، کار گەیشتۆتە ئەوەی کە بەرپرسانی دەوڵەت ترسێکی زۆریان هەبێت لە دەزگا راگەیاندنەکان.

کورد وەك لە بوارەکانی تری ژیان یەکەمی دوای دوا وەمان گرتوە، ئاوەهاش لەم بوارەدا هەنگاوی کردارەکیمان وەك پێویست نەناوە، جگە لە چەند رۆژنامەیەکی سەربەخۆ ئەوانی دی حیزب قۆرغی سەرجەم ئەو بابەتانەی کردوە کەتیایدا پەخش و بلاّ و دەبێتەوە. ئێمە ئامادەییمان تیا نەبێت ئەندامی لایەنێکی دیکە لە تەلەفزیۆنەکەمانەوە بەدەربخەین ئیتر چۆن رومان هەبێت باس لە بەرەو پیش چوونی بواری راگەیاندن بکەین: بۆ نموونە لە یەکێك لە کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکانەوە هەواڵی پێشوازی کردنی چوار ئەندامی پەرلەمان لە دەڤەرێك بلاّو کرایەوە، لە بەر ئەوەی دوو لەو چوار ئەندامە پیاوی دیواخانی حیزبەکەی نەبوو، ئامادە نەبوو بۆ یەك جاریش بێت بە دەریبخات. کە هەمووومان دەزانین ئەندام پەرلەمان نوینەرایەتی هەموو میللەت دەکات بە بێ جیاوازی ئایدۆلۆژیا. ئەوەی دەمەوێت لێرەدا باسی بکەم و مەبەستی بابەتەکەمە، لەم شارەی ئێمەدا چەند رادیۆ و( TV) یەك لە مەیدانی کاری راگەیاند ندا بوونیان هەیە، هەریەکە و بە ئاراستەیەك کار دەکەن، چەند سەرنجێك کە بەپێویستی دەزانم تیشکی بخەمەسەرلەسەرئەم کەنالانە.

- نەبوونی ( تنسیق ) لە نێوان هیچ کام لە TV یەکانو رادیۆکاندا، دەبینین لە کاتی بونی یارییەکی تۆپی پێ هەریەك لە ( کۆمەڵ، یەکگرتو، شۆسیالیست ) پەخشی دەکەن، کاتێك ئەو رەخنەیە یان ئاراستە دەکرێت دەڵێن دەبێت داوای گەنجان بە هەند وەربگیرێت، وەکو ئەوەی بینەریان تەنها گەنج بێت.
- نەیانتوانیوە وەکو پێویست لە سەر باس و خواستە هەنوکەییەکان ریپۆرتاژ و قسە و باسی جدیان هەبێت. کوا مێزگردو بەرنامەی تایبەتیتان لە سەر دەستوور و هۆشیار کردنەوەی خەڵکی ئەم شارە، لەسەر ئەم مەسەلەیە کە داهاتووی وڵاتمانی پێوە بەندە.
- کوا کارکردن لە هۆشیار کردنەوەی جەماوەر،کە چیتر لە ئاست دابیننەکردنی مافەکانیان بێدەنگ نەبن و چیدی قبوڵی گەندەڵی نەکەن، ئەو دەزگایانەی کەسیخناخن لە فەرمانبەری بێ ئەزمون.
- نەتان توانیوە پردی نزیك بونەوە، لە نێوان خۆتان، وەك دەزگای راگەیاندن، حوکمەت وەکو سەرجەمی میللەت، درووست بکەن.

ئەگەر پاسا و هەیە لە سەر ئەوەی کە هاوکاری ناکرێن ئەوا خودی قائم قام لە کۆبوونەوەیدا لەگەڵ کۆمەلێك گەنجی چەمچەماڵ دووپاتی کردەوە کە هەمیشە دەرگایان کراوە یە بۆ هەموو کەسێك کە بیەوێت سەردانیان بکات.

ئەو هەمو ناداد پەروەرییەی کە لە دابەش کردنی زەوی و زارو دابەشکردنی ئەو کۆمەڵە خانووەی کە بەسەر خەڵکیدا دابەش کرا هەندێکیان نەبێت ئەوانی دیکە شیاوی پیدانی ئەو زەوی و زارانە نەبوون،کوا هەڵوێستتان؟ مەگەر کارتان تەنهائەوە بێت کە بەرنامەی تۆمار کراو لە م شاروشارە وە بهێنن، یاخود تەنها کەناڵێکی ئاسمانی عەرەبی پەخش بکەن، کوا خزمەتتان لە بواری راگەیاندن لەم سنورە؟ کە لە گازینۆیەك زیاترلە هیچی دیکە ناچێت کەناڵەکانتان. ئەمانە هەمووی دەرچوی نیەتێکی پاکن بۆ ناو زراندنی هیچ کام لەو راگەیاندنانە نییە، بەڵام هیوا خوازم بە خۆدا بچنەوە. با بۆ رادیۆ و تەلە فزیۆنەکانی شارەکەمان هەریەك لە ئێمە دەستی خزمەتی سپی دریژ بکات تابەهەمولایە کمان بتوانین چەمچەماڵ وەکو نمونەیەکی جوان پیشانی دونیابدەین.